# گوڵاوی دەستی یار

شیعر

# گوڵاوی دەستی یار

محەمەد کوردۆ

ناوی کتێب: گوڵاوی دەستی یار

ناوی نوسەر : محەمەد کوردۆ

بابەت: شیعر

پیتچنی و هەڵەچنی: شاعیر

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: جەبار سابیر

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ٥٠٠ دانە

شوێنی چاپ: چاپخانەی کەمال

ژمارەی سپاردن: (١١٠٩) ساڵی ٢٠١٢

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

بە سوپاسەوە، لەسەر ئەرکی سندوقی کۆمەکی داهێنەران-ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپ کراوە.

## با زۆر زۆر سەیرە لە منداڵ دەکا

(با) زۆر زۆر سەیرە
لە منداڵ دەکا..
هەرچەند تەمەنی هەڵیشکشابێ
کە داری بینی،
دەگەڕێتەوە سەرەتای عومر..و
بە کوڵ و بە دڵ
گڕوگاڵ دەکا..
نیشتمانی (با) ناو دڵی دارە
تەنها لە دارا
هەڵپەی ماڵ دەکا..
(با) زۆر زۆر سەیرە



شەوان لە خەویا
داری میهرەبان دەدۆزێتەوە..و
ڕۆژان بە دوایا
یاڵە و یاڵ دەکا..
(با) زۆر زۆر سەیرە
هیچ ڕازێکی خۆی بۆ پەنهان ناکرێ
کە دڵی خۆش بوو گۆرانی دەڵێ،
کە دڵی تەنگ بوو ناڵە ناڵ دەکا..
من زۆر زۆر سەیرم
ڕێک لە (با) دەچم،
(با) زۆر زۆر سەیرە
لە منداڵ دەکا..!

## تۆ خۆری منی و منیش چرای تۆم

چەند خۆشە لە دوای
سەردەمانێکی پڕ لە تاریکی
ئێستا من نوقمی
تیشکی نیگای تۆم..
چەند خۆشە ئێستا
وەخت و ناوەختم لەلا نەماوە
بە بەردەوامی
پڕ لە ئەوین و
پڕ لە سوتان و
پڕ لە سەمای تۆم..
چەند خۆشە ئێستا



تاریکی، ڕەنجی بە با دراوە
تۆ خۆری منی و
منیش چرای تۆم..
چەند خۆشە ئێستا
گاڵتەم بە عەقڵی نائومێدیی دێ
بە شەو و بە ڕۆژ
بۆم دەگەڕێت و نامدۆزێتەوە
نازانێ لای تۆم..
چەند سەیرە ئێستا
لە خۆم دەپرسم:
خۆ لە سەردەمی بێئومێدیشدا
من و تۆ جار جار یەکمان دەبینی
بۆچ نەمدەزانی ئاوارەی دوای تۆم..؟!

## مەلەکردن لە دڵخۆشیدا

دڵخۆشم بەوەی
(قەدەر)م ئەوەی بە ڕەوا بینی
ژیانی خستمە سەردەمی تۆوە..!
دڵخۆشم بەوەی
وەک منداڵێکی گەورە و سەرسپی
لە جیاتی دایکم
دەتریقێمەوە بە دەمی تۆوە..!
دڵخۆشم بەوەی
وەک عاشقترین پیاوی سەر زەوی



بۆ مەلەکردن لە دڵخۆشییدا
بە توندی خۆمم
خستۆتە چەمی
پەرچەمی تۆوە..!
دڵخۆشم بەوەی
بۆ گاڵتەکردن بە دەردی پیریی
تۆ ڕێگەم دەدەی
دەمم بخەمە ناو دەمی تۆوە..!!

## سلاو لە جوانیی ئەم ئێوارەیە

ئای چەندە سەیرە بەم ئێوارەیە
کە دڵی دنیا
پڕ لە ئازار..و
خەم و مەراق..و
پڕ پەژارەیە
تۆ هاتووی لە ناو ئەم دڵەی مندا
شادیت کردووە بە فەرمانڕەوا..و
خەمت کردووە بە سێدارەیا
خۆزگە دەتزانی
چەندە دڵخۆش..و
پڕ کامەرانییم



کە ژینت بردووم بەم ئاقارەیا..؟!
سلاو لە میهر..و
لە مەزنیی تۆ،
سلاو لە جوانیی
ئەم ئێوارەیە..!

## خەونی زەرد و سوور

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بوو
بە دوای خەونێکدا
چوومە قەراغی زەریایەکی دوور
لە پڕا بینیم ژنێکی زەری
نازانم ژن بوو، یان شەپۆلی نوور..؟
بە پرچی تەڕ ..و
گۆی مەمکی تەڕ ..و
دڵی تەڕەوە
لە ناو زەریاکە هاتە دەرەوە
وەک جەژنی لەگەڵ خۆیدا هێنابێ
ئەو ناوەی پڕ کرد لە بۆنی بخوور



لە ڕێی چاومەوە
هاتە ناومەوە
شەلاڵی کردم لە غیرە و غروور
وامزانی ئیتر خەوبینین تەواو
بەلاّم وا نەبوو
ئەوەی کە ڕوویدا پێچەوانە بوو
ئێستا من هیچ نیم، جگە لە پیاوێک
کە بۆتە کانگای
هەزاران هەزار
خەونی زەرد و سوور..!

## ژنێک لە دڵما خەو دەبیاتەوە

گەر بمتوانیایە
هەوڵم دەدا لەم:
چرکەساتەوە
نە لە باکوور و باشووری زەوی ..و
نە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە
هیچ شتێک ورتەی لێ نەهاتایە
نەمدەهێشت دەنگێک دەنگ بداتەوە
گەر بمتوانیایە
بۆ تاوێک جووڵەی دنیام ڕادەگرت
دنیام دەخستە
بارودۆخێکی کشوماتەوە



گەر بمتوانیایە
نەمدەهێشت تەرزە و باران ببارن
ڕەشەبا لەپڕ هەڵبکاتەوە
نەمدەهێشت ئاگر نێڵە نێڵ بکا
تاڤگە پەرچەمی بەر بداتەوە
چونکە ژنێکی شەکەت و ماندوو
هاتووە لە ناو دڵما بخەوێ،
وا هێدی هێدی خەو دەبیاتەوە..!

## خەیاڵم بۆتە کۆترە باریکە

کات هەڵکشاوە ..و
شار لە ئامێزی گەرمی خەوایە
من خەوم نییە
خەیاڵم بۆتە کۆترە باریکە ..و
لە دارستانی پرچی ئەوایە
پێی دەڵێم گیانە
بۆ بێ من خەوتووی..؟
لەو دیو نازەوە
بە هەڵچوونێکی بێ نیازەوە
دەڵێ : کەی وایە..؟!
دەڵێ : بەخوا من



لە ئێوارەوە
دڵم کەوتۆتە ناو پەژارەوە..
لە ئێوارەوە
هەر تەپ و تلمە ..و
بەردەوام هەستم لەلای دەرگایە..
لە ئێوارەوە
زیاتر لە سەد جار وتوومە خوایە:
کوردۆ لە کوێیە
لە پڕ پەیدابێ ..و
ئەم تەنیاییەم بدات بە (با)یا..!

## ژیان چەند خۆشە

ژیان چەند خۆشە
کە لە پڕێکا و
کاتێک دەزانی
شاژنێکی شۆخ دێتە ناویەوە
بە عیشوە و ناز و
بە لەنجەکانی..
بە نیگای تەڕی پڕ لە ئاماژە و
سڵاوی گەرمی سەرپەنجەکانی..
دڵت دەکاتە
باخێکی گەورەی پڕ لە درەخت و



ئاوی دڵداری،
دەڕژێنێتە ژێر گشت بنجەکانی..
ژیان چەند خۆشە
کە ژنێکی شۆخ دێتە ناویەوە و
لە سەرانسەری
زەمینی خوادا
لە ناو ملیۆنان
پیاوی جیاجیادا
تۆ دەخاتە ناو سەرنجەکانی..
ژیان چەند خۆشە کە ژنێکی شۆخ
بە تاقی تەنیا تۆ هەڵدەبژێرێ و
بە تۆی دەبەخشێ
مەمکە دڵتەڕ و
دڵگەنجەکانی..!!

**ئەم ئێوارەیە دڵم خەمبارە**

ئەم ئێوارەیە
دڵم خەمبارە
هەست دەکەم مێژووی مرۆڤایەتی
سەرتاپای خەم..و
دەرد و ئازارە
هەست دەکەم مرۆڤ نابینایەکە
بیەوێ بڕوا بە هەر لایەکا
پێشی دیوارە..
هەست دەکەم مرۆڤ بێئومێدیکە
تا دەمرێت بە دوای ئەوەدا وێڵە
خۆی دڵنیا کات:
ئومێدەوارە..
ئەم ئێوارەیە دڵم خەمبارە
وام لە ناو چەقی نائومێدیدا
هەزاران هەزار حەسرەت و مەراق
لە دڵم بارە..!

## به نوشته و جادوو دەتکەم بەداری[٧]

سلاو ئەی یاری جوان و ڕووخۆشم
ئەمشەو من بێ تۆ
مات و دڵتەنگ و پەست و نەخۆشم
ئەمشەو سەبەتەی ڕەزەوانێکم
ترێی تەنیایی کەوتۆتە کۆشم
باخەوانێکم، نەک باخەکانم
خەزانی دوریت گەیشتۆتە خۆشم
سەرگەردانێکم
بە ڕووت و قووتی
وام لە ناو سەرمای دوور لە تۆییدا
شوێن لە ژێر پێما بۆتە ئاسن و



کات لەسەر دڵما بۆتە قوڕقۆشم
بۆیە دەمەوێ
وەک جادووکارێ
بە نوشتە و جادوو
بتکەم بە دارێ
بەرلەوەی سەرمای دووری و دابڕان
ڕەقمکاتەوە
بە گەڵا و گوڵە نازدارەکانت
خۆم دابپۆشم..!

## درەوشانەوە

بەرلەوەی تۆ بێی
بەرلەوەی گرێی نەهامەتییەکان
هەڵوەشێنەوە
من وێڵگەردێک بووم
پەیوەندییەکی گەرمم نەمابوو
نە بە زەمین و
نە بە زەمان و
نە بە شوێنەوە
بەرلەوەی تۆ بێی
هەموو شتەکان لە چاوی مندا
وەک جلوبەرگی بێوەژنانەی



دایکم تاریک بوون
کەوتبوومە ناو
ژاوەژاوێکی سەریەشێنەوە
بەڵاٚم لەوساوە کە تۆ پەیدا بووی
سەرم ئارامە و هەموو شتەکان
لە ناو چاومدا
وەک زیوی بەرخۆر دەدرەوشێنەوە..!

## دێم ئەمجارەیان دەتکەم بە کۆتر

ئەمشەو شەوێکی تەواو جیاوازە
من بە دڵێکی بەختەوەرەوە
لە ژووری تار و تەنگی تەنیاییم
دێمە دەرەوە
دێم ئەمجارەیان بە نوشتە و جادوو
دەتکەم بە کۆتر
لە بری منیش
لەزەتی فڕین تاقیکەرەوە
بفڕە زۆر بفڕە تا ماندوو دەبی
دوایی وەرەوە
لە ناو قەرسیلی سەوزی سینگمدا



بنیشەرەوە
بە تەنها من و ئاسمان بناسە
ژیانی پێشووت
لە بیر بەرەوە..
ڕوو بکە خۆم و پشت بکە دنیا
باڵی دڵخۆشیت
بەسەر سینگمدا شۆڕ بکەرەوە..
دڵم بکەرە هێلانەی گەرمی هەتاهەتاییت
کە تیای هەڵکورمای
بە هیچ شێوەیەک
هیچ بانگکردن و دەنگێک مەبیستە
بە تاقی تەنها
وەڵامی دەنگی خۆم بدەرەوە..!

## هەستی پیاوانە

ئای چەندە خۆش بوو
دوای ئەوەی ڕۆژگار بە کارەساتێک
عیشقی لە دڵی منا کپ کرد و
منی لە بیری عیشق بردەوە..
تۆ لە پڕێکا
هاتیت و دڵی پڕ پەژارەمت
بەسەر کردەوە
بەرگی خەمناکیت
لەبەر داکەنم
بەرگی شادیمت
لەبەر کردەوە..



وای چەندە خۆش بوو
کە تۆ هاتیت و
بە بۆنی گەرم و
گوڕی ژنانەت
هەزاران هەستی خەوتووی پیاوانەت
لە ژووری دڵما خەبەر کردەوە..!

## بە چاوت بڵێ با خەمبار نەبێ

ئەگەر دەتەوێ
دەستی عەجولم
هێندە شپرزە و
شێت و هار نەبێ..
با پرچت هێندە نەشەکێتەوە
سینگت ئەوەندە نەلەرێتەوە
دەستی پڕ میهرت وا نازدار نەبێ..
ئەگەر دەتەوێ
لێوم ئەوەندە لە پشکۆ نەکا
شەو و ڕۆژ تاسەی لێوی تۆ نەکا
بە لێوت بڵێ وا ئاودار نەبێ..



ئەگەر دەتەوێ
لە شیعری مندا خەم چرۆ نەکا
بە چاوت بڵێ
هەرگیز دڵتەنگ و
دڵخەمبار نەبێ..!

**منداڵبوونەوە**

ئای چەندە خۆشە
کە ئێوارانێ
لە پڕ داکاتە لێزمەی بارانێ
باران ببێتە مۆسیقایەکی
دڵڕاچڵەکێن
بە کوڵ لێمبدا هەتا دەتوانێ
لەبەر موچوڕکەی دڵۆپەکانیا
منداڵ ببمەوە و
بۆ دایکم بگریم
زۆر بۆی بگریم و
نەزانم کوانێ..؟



بگریم هەر بگریم
تا ماندوو دەبم
کاتێک بزانم دڵمیهرەبانێ
لە شێوەی باوکما
دەستم بگرێت و
لەگەڵما بە شوێن دایکما بگەڕێ
دوای گەڕانێکی تاقەتپڕوکێن
لەلای تۆم دانێ..!

## دڵم چەمێکی پڕە لە ژیانە

جاران پێموابوو
دڵم دارێکە: خەفەت کاژێتی..
تا ڕۆژێ ژنێک
وەک جوانترین و
میهرەبانترین شاژنی گێتی..
ژنێک لە نوکی پەنجەی پێیەوە
تا تەوقی سەری
شەلاڵ لە تام و بۆنی ژنێتی..
هات پیاوەتیمی
لە خۆی ئالاند و
شەیدای خۆی کردم تا ڕادەی شێتی..



ڕوانینەکانمی قڵپ کردەوە
ئێستا پێموایە
دڵم چەمێکی پڕ لە ژیانە و
عیشقی ئەو ژنە
تیایدا بە گەرمی هاژەهاژێتی..!

## وەک لێزمەی باران بەسەرما داکە

ئای من ئێستاکە،
کە ئاسمان وەکو چاوی تۆ ساف..و
شنەبا وەکو هەناسەت پاکە
نازانم بۆچی لە جێی دڵخۆشیی
دڵم بەقەدەر گۆڕستانێکی
کۆنی لەبیرچوو مات و خەمناکە..؟!
وەرە ئازیز گیان بگەرە فریام
وەک لێزمەی باران بەسەرما داکە!
ئەم گۆڕستانە کۆنەی نێو دڵم
پڕ لە ژیان..و



پڕ گوڵی جوان..و
پڕ سەوزە گیاکە!
وەرە خەمناکییم بدە بە ئاوا
سەرتاپام نوقمی شایی و سەماکە..!
دەوەرە توخوا
بەبێ دوودڵیی
وەک لێزمەی باران
بەسەرما داکە..!

## وەرە خەمناکیم بدە بە ئاوا

ئەی شۆخی  شیرین،
یاری دڵئاوا
گەردی خەمناکیی ڕوحی تەنیوم
وەرە خەمناکیم بدە بە ئاوا
ماڵی تەنیاییم تەفروتونا کە
ژینی بێ تۆییم بدە دەم باوە
وەرە وەک لافاو  لەگەڵ خۆت بمبە
بەڵام توبی خوا
گەر دایکم گریا، دڵ نەرم نەکەی
گەر جنێوی دا، لێی زویر نەبی



بڵێ پوری گیان ئەمە لافاوە
لافاو سروشتی خۆی بۆ ناگۆڕێ
کە هات ناپرسێ،
کە ڕۆشتیش ئیتر
ئاوڕدانەوەی نییە بۆ دواوە..!
دەوەرە گیانە
ماڵی تەنیاییم تەفروتونا کە
ژینی بێ تۆییم بدە دەم باوە..!

## گەردی خەمناکیی ڕۆحی تەنیووم

ئای من تەزیوم
وای من تەزیوم
ئای من لە زوقمی دوور لە تۆییدا
چەندێ تەزیوم..؟
وای من تا دوێنێ
لە سایەی عیشقی زیوینی تۆوە
چەند پڕ لە تیشک..و
پڕ چریسکە بووم
دەتووت یەکپارچە دەریاچەی زیوم
ئێستا بە تەنیام
تەنیایی تیشک و چریسکانەوەی



هەموو دزیوم
نازانم تا کەی تۆ نابینمەوە
گەردی خەمناکی ڕوحی تەنیوم
دەوەرە ئێستا
لە پڕ پەیدا بە..و
باوەشم پیاکە..و
بمگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتانەی
دەتووت یەکپارچە دەریاچەی زیوم..!!

**نازانم تا کەی تۆ نابینمەوە**

له دووری یاری نازەنینمەوە
خەزان بە پرتاو
خۆی کردۆتە ناو باخی ژینمەوە
گەڵا بە گەڵای بەختەوەریمی هەڵوەراندووە
گریەی خستۆتە پێکەنینمەوە
سوێی کردۆتە ناو دڵی شپرزەم
خوێی ڕژاندۆتە قەد برینمەوە
لە لوتکەی خەم..و بێتاقەتی دام
نازانم تاکەی تۆ نابینمەوە..؟!
سڵاو لەو کاتەی
لە پرِدا دێیت..و



وەک خەونێکی خۆش
دەرژێیتەوە ناو
چاوی گریاوی پڕ ئەسرینمەوە..!

## له لوتکەی خەم و بێتاقەتی دام

ئازیز من تەنیام
ئازیز من تەنیام
ئازیز من ئێستا باڵندەیەکم
ئاسمانم تەمە و دارستانم زام..
ئێستا، کە بێ تۆم
دەڵێی خەیامم ڕەزم سوتاوە
لە لوتکەی خەم و بێتاقەتی دام
تاقە تروسکەی سەر زەمینم تۆی
لە پڕ پەیدا بی و بگەیتە فریام
توخوا  ئازیز گیان بۆ دیارت نییە..؟
وا من پڕوکام



کەی بە پەنجەی نور
لە دەرگای دووری تەنیاییم دەدەی..؟
کەی دەگەیتە لام..؟

## دڵم تەنیایە

زۆر سەیرە ئێستا
لەم ناو ئاپۆرە و هەرا و زەنایە
لەم هۆڵە چڕ و پڕ لە خەڵکەدا
کە شوێنی بەزم و
شایی و سەمایە
نازانم بۆچی من وا هەست دەکەم
دڵم تەنیایە..؟!
بۆ وا هەست دەکەم
تەنیایی مرۆڤ حیکایەتێکە
کۆتایی نایە..؟
بۆ وا هەست دەکەم



دڵم کە نەک سێو، بە قەد لەتێکە
هەزاران هەزار
حەسرەتی تیایە..؟!

## حەز دەکەم لەسەر سینگم پێبکەنی

روحی من شمشاڵێکی بێنازە
تەنها تۆ دەزانی جوان بیژەنی..!
لەبەر ئەوە پێمناخۆشە بڵێی:
دێم لەسەر شانت دەگریم
حەز دەکەم بێی
لەسەر سنگم پێبکەنی..!



## دوای ئەوەی دڵم وەکو گۆزە شکا

دڵم بە دەستی ژنێکی
نازەنینەوە بوو
ژنێک کە وەک ئەڵماس
دەچریسکایەوە
لە پڕێکا
لە ئاسمانەوە بەری دایەوە
کەچی سەیر بوو
دوای ئەوەی دڵم وەکو گۆزە شکا
عیشق و ئەوینی هەمان ژنی
لێ چۆڕایەوە

## تۆ کەی ئەوەندە دڵڕەق بووی؟

دڵم خراپ گیرۆدەیە
کەوتوومەتە گێژاوی خەمەوە
نە خەمێک و
نە دووان و
نە دەیە
تۆ دوو ڕۆژە دەرگاکانت
بە ڕووی دەست و
بە ڕووی چاو و
بە ڕووی دڵما داخستووە
من وا دەزانم دوو سەدەیە
ناڵەی دڵم



گەیشتۆتە گوێی دار و بەرد و
دەر و دەشت و بیابانیش
تۆ کەی ئەوەندە دڵڕەق بووی
گوێی نەدەیە؟!

## تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای

یان تۆ حەوای، یان حەوا تۆ بووە
ئەگینا چۆن، ئادەم
دەستی لە بەهەشتی خوا هەڵدەگرت..و
خۆی لە دۆزەخی زەویدا، ون دەکرد..؟
یان تۆ شیرین-ی، یان شیرین تۆ بووە
ئەگینا چۆن، فەرهاد
بە قوڵنگێکی شکاوەوە
بێستوون-ی کون دەکرد..؟
یان تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای،
یان هەموو ژنە جوانەکانی دنیا تۆن
ئەگینا چۆن



لەم رۆژگارە پڕ لە تەنیاییەدا
ئاوها بە ئاسانی
گەرد بە گەردی پیاوەتی منت
پڕ لە بۆن و بەرامەی ژن دەکرد..؟!

## حەسرەت

لەم ئێوارە غەمگینەدا
کە هەست دەکەم دەروونم
وەک دەستی قڵیشاوی دایکم لەتلەتە
ژیانم لێ بووە بە سێدارە،
نائومێدی
بۆ گەردنی حەزەکانم پەتە..!!
دەنگێک لە ناخەوە پێم دەڵێت:
ئەی مرۆڤی سەرگەردان
لە جیاتی غەمخواردن بۆ شتێک
کە لە دەستت چووە،
دڵ بە شتێک خۆش کە، کە هەتە..!



ئاخ خ خ خ خ خ
ئەو دەنگە نازانێت
من نیگەرانی ئەوەم
ڕۆژێک ئێمە دەمرین و
هێشتا دڵی غەمزەدەمان
پڕاو پڕی حەسرەتە..!

## دەنووک

زۆر دڵخۆش بووم کاتێ بینیم:
باخی سینگت،
مەنزڵگای
دوو جوانترین کۆتر بوو..!
دەستی دڵم
هێجگار بە ئاسانی،
(بە جۆرێک کە خۆم بڕوام نەدەکرد)
بە دەنووکی
کۆترەکانی سەر سنگتەوە
هۆگر بوو..!
من زۆر زۆر حەپەسام



کاتێ هەموو دنیام
لە دەنووکی کۆترەکانتدا
بچووک کردەوە،
کەچی کە تەماشام کرد:
دنیا گەورەتر بوو..!!

## تۆ غەمگینترین یار بووی

تۆ جوانترین ڕێبوار بووی...
من خەیاڵم کرد:
وەک جۆگەلەیەکی، دڵ شین
بڕژێمە قەراغی ڕێتەوە..!
تۆ غەمگینترین یار بووی...
من خۆزگەم خواست:
دڵم بکەم بە بانکێک،
خەمی کۆنت،
بە کامەرانی تازە بۆ بگۆڕێتەوە..!
تۆ نازدارترین دار بووی...
من خەونم بینی:



وێنەی دڵێکت لەسەر هەڵبکۆڵم
تیرێک لە ناویدا،
بەڵام لە جیاتی خوێن
خەونی لێ بچۆڕێتەوە..!!

## گوڵاوی دەستی یار

عیشق چ ڕازێکی سەیرە
لە ناو حەوت ملیار مرۆڤدا
یار، تەنها دەربەستی من و
من، تەنها دەربەستی یار..
عیشق ئێمەی بردۆتە
ناو مێرگی دڵخۆشی.
یار، سەرمەستی من و
منیش، سەرمەستی یار..
توند توند دەستی گرتووم.
- کوردۆ گیان
دەستی بەختەوەر کام دەستە؟



- بۆ زۆر کەس دەستێکی پڕ لە پارەیە،
بەڵام بۆ من
دەستێکە
پڕ لە گوڵاوی دەستی یار...!

## دەستت هەر شیلە و شەکر بوو

گیانی شیرین
چی ڕای پێچای؟
بۆچی وا بێدەنگ و متی؟
بۆ هیچ ناڵێی؟
کێ پێی وتی
تۆ لای من وەک گوڵی ڕەعنای؟
ئاخر بە خوا تەنها گوڵ نا
تۆ زۆر شتی...
تۆ خۆر و مانگ و ئەستێرە و
چەم و باخ و
مێرگ و دەریای...



لە پەرستگای (ڕۆح)یشمدا
پەیکەرێکی ئاسایی نا
تۆ دڵنشینترین (بت)ی...
ئای چەند خۆش بوو
ئەم شەو لە ناو خەونێکمدا
تۆ منداڵ بووی
دەستت هەر شیلە و شەکر بوو
من بۆم شتی..!

## ڕێگر

لەم نیشتمانەی ئێمەدا
کە بە ملیۆنان مرۆڤی
مات و خەمگین و پەست هەیە
کوا کەی دەرفەتی ژیانی
سەربەست هەیە..؟
تۆ بڕوانە
هەر بە تەنها
لە نێوانی
لێوی من و لێوی تۆدا
کە نیو مەتر لەیەک دوورن
چەند ڕێگر و بەربەست هەیە..؟!



## زۆریش لە یەکشەممە تووڕەم

زۆر زۆر سەیرە..!
من بەم سپێدەی شەممەیە
کە یەکەم ڕۆژی هەفتەیە
گەشتوومەتە دوایین پلەی شپرزەیی
دڵم پڕە:
لە ڕق و کینە و تووڕەیی..!
ڕقم لە هەینی هەستاوە
کە زۆر سەخت
بەسەر دڵما تێپەڕیوە..و
نامەیەکی لەلای تۆوە نەهێناوە..!
زۆریش لە یەکشەممە تووڕەم

یەک دنیا شەیدایی و تاسە..و
خۆزگەم، لێکردووە بە شایەت..
دڵنیایە چەند چاوەڕوانی هاتنیم
کەچی نایەت..!
نایەت، چونکە
هەر لەدوای ئەوەی تێگەیی
من لەگەڵ هاتنی ئەودا
تۆ دەبینم،
دڵی پڕ بوو لە ئێرەیی..!
لەو کاتەوە
بڕیاری دا:
سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا..و
ئیتر هەتا من دیق نەکەم،
نەیاتەوە..!



## ڕقم لە ڕۆژی (هەینی) یە

لەو کاتەوەی تۆم ناسیوە
ڕقم لە ڕۆژی (هەینی)یە..
بەلامەوە
وەک ژوورێکە،
دەرگا و پەنجەرەی تیا نییە..!
وەک ژوورێکە
دڵم تیایدا (زیندانی)یە..!
بە هەر لایەکیا دەڕوانم:
هەر خامۆشی..و
هەر تەنیایی..و
هەر کپی و چۆڵەوانییە..!

وەک ژوورێکە
گەر هەموو دنیاشی تیا بێت،
گەر پڕ لە ژنی جیا جیا بێت،
گەر گشت دیوارەکانیشی
نوقمی پەنجەرە و دەرگا بێت،
بۆ من هەر لەگەڵ زیندانادا
بێ فەرق و بێ جیاوازییە..!
دەزانی بۆ..؟
چونکە هیچ شوێنەوارێکی
تۆی تیا نییە..!!



## لەگەڵ تۆدا

لەگەڵ تۆدا
حەزم لە قسە و گفتوگۆ..و
لە دانیشتن و هاتوچۆ..و
لەشەڕکردن و یارییە...
لەگەڵ تۆدا
حەزم لە منداڵبوونەوە..و
لەسەر پەنجە ئاڵبوونەوە..و
لە وڕک و هارە هارییە
لەگەڵ تۆدا
حەزم لە شەڕی گاڵتینە..و

ئاشتبوونەوەی ڕاستەقینە..و
لە گۆڕینەوەی دیارییە
لەگەڵ تۆدا
حەزم لە هەموو شتێکە
لەهەموو شتێکیش خۆشتر
دڵدارییە..!



## سوپاس بۆ دەستەکانی تۆ

گیانی کوردۆ
سوپاس بۆ دەستەکانی تۆ
کە دیوانێکی پڕ شیعری عاشقانە ..و
پڕ لە ژیانیان پێ بەخشیم
سوپاس بۆ دەستەکانی تۆ
کە لەگەڵ دیوانەکەدا
گوڵێک نا، دوانیان پێ بەخشیم
سوپاس بۆ دەستەکانی تۆ
کە هەستم کرد
من کۆترێکی برسی بووم

ئەوان هاتن
پڕ چنگیان دانیان پێ بەخشیم
سوپاس بۆ دەستەکانی تۆ
کە بە میهر و
گەورەیی بێوێنەی خۆیان
ڕۆژێکی جوانیان پێ بەخشیم..!



## چاوت

چاوت وەکو ترێ دەخۆم
ئیتر بەچی
سەیری ئەم دنیایە دەکەی..؟!
ئەی سەیری خۆم..؟!

## گەر جارێکی تر عەشقت کرد

کازانزاکی
لە دەڤەری کرێتەوە
بە زۆربادا
پەیامێکی بۆ ناردبووم
بۆی نووسی بووم:
((گەر جارێکی تر عەشقت کرد
زۆر گەرمتر ڕێی پێبدە
لە پەنجەکانی پێتەوە
تا ئەژنۆ و سینگ و گەردن و تەوقی سەرت



با هەر هەمووی بگرێتەوە)).
دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان
دوای کاڵبوونەوەی ئەم کۆستە
بە قسەی بکەم
دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان
توند توند باوەش
بە ژنێکی جواندا بکەم
پێی بڵێم تۆ
وڵاتی ئەڤینی منی
من وەک بارانێکی نەرم
وەک (با) یەکی کەمێک گەرم
خۆم دەرژێنمە گەرد بە گەردی

(شار و شارۆچکە و دێ) تەوە..!
بەڵام بە خوا
هەر لە ئێستاوە دەترسم
شیعرێک بۆ ئەویش بنوسم
ڕانەوەستێ شیعرەکەم بڵاوبێتەوە
لە کاتێکی زۆر خراپدا
هێند بێڕەحمانە جێمبێڵێ،
نەبێتەوە..!
هەر لە ئێستاوە دەترسم
حیکایەتی من و ئەویش
بە قەڵەمی دار بنووسرێ
بێ پرسی من،
ئەو بە لاستیک،
ڕۆژێ هەمووی بسڕێتەوە..!!



## من هەر کوردۆکەی جارانم

پڕ بە گەرووم بانگت دەکەم
هۆ شای جوانان، لا کەرەوە
کێڵگەی وشکی دڵ ببینە و
وەک لێزمەی بارانی بەهار
بەسەر سەرما داکەرەوە..!
ئێستا ماڵی چۆڵی خۆم و
ماڵی ساردی خەونەکانم
یەک لە یەکدی تەنیاترن
هەردووکیان ئاواکەرەوە..!
ژیان بێ سەما مردنە،
ماوەیەکە

سەما لە دڵما نەماوە
وەرە ببەوە بە زۆربا و
دڵم پڕ سەما کەرەوە..!
گیانی گیانم
من هەر کوردۆکەی جارانم
باوەشێکم پیا کەرەوە..!
ئینجا بڕۆ
تەورێک بێنە
بێڕەحمانە بیوەشێنە
بەڵام گیانە
لە جیاتی جیابوونەوەی خۆت
بە تەورەکەت
خەم لە دڵم جیاکەرەوە..!!



## من و تۆ کوا لەیەک دوورین؟

نا گیانی من
مەڵێ کاتێ دوورم لە تۆ
خۆیشم وەکو خەونەکانم
وێڵ و پەرتم..!
من و تۆ کوا لەیەک دوورین؟
من گوارەی گوێ و
ئەڵقەی پەنجە و
پشتێنی دەوری کەمەرتم..!
من و تۆ کوا لەیەک دوورین؟
لەهەر جێیەکی ئەم دنیا بەرینەدا
تۆ بخەوی،
من لەو جێیەم،
لە ژوور سەرتم..!!

## مڕدن

شەو لە خەوما
من بە دڵی شکاوەوە
بە تۆم دەوت: سەرێ بدە...
تۆ بە چاوی  گریاوەوە
پێت دەوتم: سەرێ نادەم..!
من دەترسام بێ تۆ بمرم
ئێستا کە شەو تێپەڕیووە و
تۆ هاتووی بۆ سەردانی من
ئیتر ئەگەر مردنیش بێت
گوێی پێ نادەم..!



## ئەگەر مڕدم

هەزاران خەم بەیەکەوە
لە من هەستاونەتە سەر پێ...
ئەگەر مردم
هەر هیچ نەبێ
شەوی یەکەم
دەنگ و باسی مردنەکەم
لە شاژنی خەونەکانم بشارنەوە
با دڵە میهرەبانەکەی دانەخورپێ..!

## شاری بیرەوەرییە خۆشەکان

بڕوام بە مردن نەما بوو
بەڵام دوو ڕۆژە هەست دەکەم
شەوێ دەمرم...
چۆن مردنێک..؟
لە ئێستاوە دڵم دەڵێ:
بە تەنیا و بێ هاوڕێ دەمرم...
نا بەڵام نا
ڕێگای شاری
بیرەوەرییە خۆشەکانم لە بیر ماوە
دەچم بۆ خۆم لەوێ دەمرم..!



## جێم دەهێڵی؟

جێم دەهێڵی..؟
ئەی ناترسی
ڕوحیشم وەکو زمانم لە گۆ بچێ..؟
جێم دەهێڵی..؟
ئەی من چی بکەم
هیچ ژنێکی دیکە هەیە
یەک تۆز، شێوەی لە تۆ بچێ..؟!
***
جێم دەهێڵی..؟
ئیتر نوکتە بۆ کێ بکەم..؟
شیعر بۆ کێ بخوێنمەوە و

بۆ دەستخۆشی
چۆن چۆنی چاوەڕێ بکەم..؟
جێم دەهێڵی..؟
ئیتر من بە خۆشی کێ-وە
بەختەوەری لەسەر نێم و
خەم و خەفەت لە پێ بکەم..؟
جێم دەهێڵی..؟
ئیتر ژیانی بێ تۆییم
بە کام خەیاڵ و خولیاوە
بە ڕێ بکەم..؟!
***
جێم دەهێڵی..؟
خۆت دەڕۆیت و



خەمم دەکەیت بە تووشەوە..؟
جێم دەهێڵی..؟
ئەی ئیتر کێ
لە جیاتی نەخش و نیگار و
مۆتیڤی جوان
نازدارترین شیعرم ببا..و
بۆم بکاتە ناو شووشەوە..؟!
***
جێم دەهێڵی
ئەی ئیتر کۆڕ بۆ کێ بگرم..؟
ئیتر کە دەوام تەواو بوو
بۆ کوێ بڕۆم
بەرەو کوێ ملی ڕێ بگرم..؟
ئەی دوایین شت
لە باوەشی کێدا بمرم..؟!

## ئەڤین

من دەمەویّ
دلّت بکەم
بە کیّلگەی ئەڤینیّکی پاک
تۆ دەترسی
خۆ نایکەمە کیّلگەی تلیاک،
بۆ دەترسی..؟!



## درۆ

ئیّمە دوو مرۆڤی شەیداین
جار جار لە ترسی گەورەیی
عیشقەکەمان
زولّمی گەورە لە خۆ دەکەین...
هەولّ دەدەین
بڕوا بە خۆمان بهیّنین
کە دەتوانین بیّ یەک بژین
بەلاّم بە خوا
قەت وا نییە
درۆ دەکەین..!

## لافاو

لافاوەکە زیادی کرد و
پرچت وتی:
ترست نەبێ
من بۆ تۆ وەک کەشتی نوحم..
لافاوەکە کۆتایی هات
دەستت ئارامیی بۆ دەستم گەڕاندەوە،
چاوت ڕوحم..!



## تۆ جگەرە و شەرابم بە..!

من دەمەوێ
تۆ هەموو شتێکی من بی..
وەرە گیانە
تۆ یاری شۆخ و شیرین و
نایابم بە..
تۆ هەناسە و
تین و تاسە و
بەختەوەری و عەزابم بە..
تۆ دڵخۆشی و
دڵشکان و
خاک و ئاو و سەرابم بە..

تۆ گۆرانی و
لاواندنەوە و
تار و عود و ڕوبابم بە..
من دەبمەوە
بە قوتابی پۆلی یەکی سەرەتایی
تۆ هەم دارا و
هەم دوو دار و
هەم مێووژی زۆرابم بە..
ئا.. بە ڕاست با بیرم نەچێ
خۆت دەزانی
من نە جگەرە دەکێشم
نە شەرابیش دەخۆمەوە
دەڵین عومرت بە با دەچێ
نەک ڕاست بکەن
تۆ جگەرە و شەرابم بە..!



بەرهەمە چاپکراوەکانی محەمەد کوردۆ:

١- خورپەی ناخ، നامیلکەی شیعری بەرباخەڵ ١٩٩١

٢- هۆرەی قەڵا، بەرهەمی هاوبەش ١٩٩٢

٣- چرپەی دڵ، نامیلکەی شیعری بەرباخەڵ ١٩٩٨

٤- ئەفسانەی پایز، شیعر ٢٠٠٠

٥- چرپەی ناخ، شیعر ٢٠٠١

٦- ژنێک دەمرێ و پیاوێک بەچراوە نایە، شیعر ٢٠٠٥

٧- گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی ٢٠٠٦

٨- لالەزاری وشە، کۆمەڵێک رەخنەو بابەتی ئەدەبیی ٢٠٠٧

٩- لەئیرادەی مەرگەوە بۆ ئیرادەی ژیان و دنیای خەونە گەورەکان، لێکۆڵینەوە ٢٠٠٨

١٠- ژەنەراڵی خۆشەویستی، شیعر ٢٠٠٨

١١- جوانی و جیاوازی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٩

١٢- بۆنی بەختەوەری، شیعر ٢٠١٠

١٣- دنیای سوهراب، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ٢٠١١

١٤- گوڵزاری نوسین، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، ٢٠١٢

١٥- ×ولاوی دۆستی یار، شیعر ٢٠١٢